Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.20705

# ڕۆڵی مامۆستایانی زانکۆ لە هۆشیارکردنەوەی تەندروستی هاوڵاتیان سەبارەت بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا

## مامۆستایانی هەردوو بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی وزانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی بە نموونە

هەرێم کەریم غفور
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

ئاڤێستا یونس محمد
زانکۆی سلێمانی

**Article Info**

Received: October, 2020
Revised: November ,2020
Accepted: December ,2020

**Keywords**

ڤایرۆسی کۆرۆنا، هۆشیاری تەندروستی، مامۆستای زانکۆ، هاوڵاتی

**Corresponding Author**

Harem.ghafor@spu.edu.iq

Avesta.mohammed@univsul.edu.iq

**پوختە**

مامۆستایان بە گشتی و مامۆستایانی زانکۆ بە تایبەتی ، کایەیەکی دیارو بەرپرسیاری ناو کۆمەلن و هەمیشە ڕۆڵ و کاریگەری ئەوان لە ناوە وە ودەرەوەی ناوەندەکانی خوێندن دا بایەخی بەرچاوو گرنگی هەیە. ئامانجی ئەم تویژینەوەیە ش دەرخستنی ڕۆڵی مامۆستایانی زانکۆ و زانینی ڕێگاو شێوازی بەشداریکردنیانە لە لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لە ڤایرۆسی کۆرۆنا. هەروەها ئەم تویژینەوەیە وەسفە و پشت دەبەستێت بە ڕێبازی ڕوپێوی لەڕێگای بەکارهینانی فۆرمی راپرسی بۆ سامپلێك لە مامۆستایانی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی .لە پێناو دەستخستنی دەیتا و گەیشتن بە وەڵامی زانستی گونجاو و دروست پەیوەست بە پرسیارەکانی تویژینەوەکە. گرنگترین دەرئەنجامەکانیش کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەشتووە بریتین لە : زۆرینەی مامۆستایان ڕۆڵی کارایان گێڕاوە لە هەڵمەتی ڕوبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا. هەروەها زۆرینەی مامۆستایان چالاکی تاکەکەسی پێ باشترە وەك بەشداریکردن لە چالاکی گروپ و لیژنەکان .

## پێشەکی

توێژینەوە زانستیەکان لە هەر کات و سەردەمێکدا، لە هەر بوار و بابەتێکدا، گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە . بیکومان توێژینەوەی زاستی لە سەردەمی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، کە جیهانی بەخۆیەوە گیرۆدە کردووە و بۆتە هۆی پەککستنی سەرجەم چالاکیە ئابوری و بازرگانی و پەروەردەییەکان جێگەی بایەخپێدانە لە لایەن تویژەران و ئەکادمیستان. لەسەروبەندی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و هەوڵدان بۆ گرتنەبەری ڕیکارو شێوازی جۆراوجۆر بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لەلایەن دەزگاو دامەزراوە تەندروستی و پەروەردەیی و حکومیەکان . گرنگە بزانرێت ڕۆڵی مامۆستایانی زانکۆ لەم نێوەندەدا چی یە؟ هەرەوەها بە چ شیوازێك بەشداربوون لە هەڵمەتی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە ناو هاوڵاتیان .بەو پییەی ئەوان کایەیەکی دیارو بەرپرسیاری ناو کۆمەلن و هەمیشە ڕۆڵ و کاریگەری ئەوان لە ناوە وە ودەرەوەی ناوەندەکانی خوێندن دا بایەخی بەرچاوو گرنگی هەیە.

## بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### یەکەم : گرنگی توێژینەوەکە

مامۆستایان بە گشتی و مامۆستایانی زانکۆ بە تایبەتی وەك بەشێکی گرنگ و دیار هەمیشە ڕۆڵی بەرچا و و کاریگەریان هەیە لە فێرکردن و پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگەو پێشخستنی . هەروەك هیچ بارودۆخێك,یاخود هیچ کات و شوێنێك نەیتوانیوە لە کاریگەری و

گرنگیەکەی کەم بکاتە.,بەڵکو بەردەوام لە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ دا  لە لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و تەندروستی؛ ڕچە کە شکێن و خۆنەویست بوون .لەبەر ئەوە ناکرێت لە بابەتێکی وەك بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ,کە  زۆرینەی کایەکانی ژیانی پەکخستوە؛ ڕۆڵ و کاریگەری مامۆستا بە هەند وەرنەگیرێت . بەتایبەت گرنگە لە ڕێگەی تویژینەوە وە ڕۆڵی مامۆستایانی زانکۆ لە هەوڵدا نیان بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە ڕوبەڕوبەنەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا بزانرێت ,کە ئەمەش خۆی لە گرنگی تویژینەوەکەدا دەبینێتەوە.

## دووەم : کێشەی تویژینەوەکە

لە بنەڕەتدا ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەك لەسەر بنەمای هەبونی کێشەو گرفتێك سەرچاوە دەگرێت کە تیایدا توێژەر هەوڵی دۆزینەوەی هۆکاری کێشەکە دەدات , تاوەکو لەوڕێگەیەوە بتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە سەبارەت بە کێشەکە لە ئارادایە . بێگومان کێشەی توێژینەوەیەك جیاوازە لە یەکێکی تر. کێشەی ئەم توێژینەوەیش بریتیە لە:

١- مامۆستایانی زانکۆ تاچەند توانیویانەڕۆڵی خۆیان بگێڕن لە هۆشیارکردنەوەی تەندروستی هاوڵاتیان سەبارەت بە ڤایرۆسی COVID19 ؟

٢- بە چ ڕیگەیەك توانیویانە بەشداری لە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی تەندروستی هاوڵاتیان بکەن دەربارەی ڤایرۆسەکە؟

## سێیەم : ئامانجی تویژینەوەکە

ئامانج یەکێکە لە بنەما گرنگ و سەرەکیەکانی توێژینەوەی زانستی , ئەم توێژینەوەیەش دەیەوێت بگات بەم ئامانجانە:

١- زانینی ڕێژەی بەشداری مامۆستایانی زانکۆ لە هۆشیاردکردنەوەی تەندروستی هاوڵاتیان لە مەترسی ڤایرۆسەکە.

٢- دیاریکردنی شێوازو ڕێگەی بەشداریکردنی مامۆستایانی زانکۆ لە هەڵمەتی هۆشیاردکردنەوەی تەندروستی.

## چوارەم : جۆری توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفیە ,بە ئامانجی دەرخستنی ڕۆڵ و کاریگەری مامۆستایانی زانکۆیە لە هۆشیاری تەندروستی هاوڵاتیان.

## پێنجەم  میتۆدی تویژینەوەکە

توێژینەوەکە پشت  دەبەستێت بە میتۆدی  ڕوپێو لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی بۆ سامپڵی توێژینەوەکە.

## شەشەم : کۆمەڵی تویژینەوەکە

بریتیە لە مامۆستایانی زانکۆ  لە پارێزگای سلێمانی.

## حەوتەم : سامپڵی تویژینەوەکە

بریتیە لە مامۆستایانی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی و مامۆستیانی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی.

## هەشتەم : ئامرازی کۆکردنەوەی داتاکان

لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی ڕاپرسی  ئامرازی کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکانە.

## نۆیەم : دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان

یەکەم : ڤایرۆسی کۆرۆنا

بە گوێرەی ناساندنێکی: (WHO): پەتای ڤایرۆسی  کۆرۆنا ناسراو بە کۆڤید١٩ – پەتایەکی ڤایرۆسیەو بە هۆی جۆرێك لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کە پێی دەوترێت(SARS-coV-) تووشی کۆئەندامی هەناسەی مرۆڤ دەبێت ، وەکو خانەخوێیەك بۆ زۆربون و مانەوە تیایدا.

دووەم :هۆشیاری تەندروستی

بریتیە لە پرۆسەی بەرزکردنەوەی تواناکانی خەڵك بۆ باشکردن و کۆنترۆڵکردنی باری تەندروستی لە پێناو گەیشتن بە باشترین بارودۆخی جەستەیی و فیزیکی و کۆمەڵایەتی.

سێیەم : مامۆستای زانکۆ

ئەوکەسەیە کەخاوەن بڕوانامەی ئەکادمییەو ئەرکی وتنەوەی وانەو ئەنجامدانی توێژینەوە یە لە ناو زانکۆ و پەیمانگاکانداو خزمەتی زانیاری گشتی دەکات.

چوارەم : هاوڵاتی

هاووڵاتی بوون بەشێوەیەکی گشتی بریتە لەو شوێنەی کە کەسێك بەشێوەیەکی هەمیشەیی تێیدا نیشتەجێیە و هەڵگری ڕەگەزنامەو هاوبەشی دەسەڵات و یاسایە.  بە یەکسانی و بەبێ هیچ جیاکاریەك خاوەنی ماف و  لەهەمان کاتدا بەرپرسیارێتیە بەرامبەر ئەوشوێنە یاخود وڵاتەی تێیدا نیشتەجێیە. (https://politicalencyclopedia.org)

پێنجەم : ووشەی ڕۆڵ ؛ بۆخۆی وشەیەکی ئینگلیزیە و بە پێی فەرهەنگی کامبرج ؛ بە مانای ئەو پێگەیە یاخود مەبەستە دێت کە کەسێك یاخود شتێك؛ لە بارودۆخێکدا دەیگێڕێت . بۆ نمونە ڕۆڵی خێزان لە کۆمەڵگاد یاخود (https://dictionary.cambridge.org) ڕۆڵی ڕیکلام لە برەودان بە کاڵا...هتد

توێژینەوەکانی پێشوو:

لە توێژینەوەیەکدا دەربارەی ( ڕۆلی فەسبوك لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان )  لە لایەن هێرش رسول ، یادگار علی و دەشتی علی ئەنجام دراوە . تییدا ڕۆڵی مامۆستایانی زانکۆ( گەرمیان) بە نمونە وەرگرتوە. بە ئامانجی

ئاشكرا كردنی رێگاكانی بەكارهێنانی فەیسبوك بۆ بڵاوكردنەوەی هۆشیاری لەسەر نەخۆشی كۆرۆنا. هەروەهادەرخستنی ئاستی رەنگدانەوەی رێنماییە تەندروستیەكانی تایبەت بە خۆپارێزی و لایەنەگرنگەكانی بڵاوكردنەوەی هۆشیاری تەندروستی سەبارەت بە كۆرۆنا لە رێگەی فەیسبوكەوە. لە كۆتایشدا گەشتوون بەو دەرئەنجامەی كە فەیسبوك لەرێگەی خزمەتگوزاریە هەمەجۆرەكانیەوە توانیویاتی رۆڵ بگێرێت لە بڵاوكردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە ڤایرۆسی كۆرۆنا لە هەرێمی كوردستان. بەڵام مامۆستایانی زانكۆ( گەرمیان) متمانەیان بەوزانیاریانە نیە كە لەرێگەی فەیسبوكەوە لەسەر نەخۆشی كۆرۆنا بلاودەكرێتەوە، تەنها گرنگی بەهەواڵەكان دەدەن دەربارەی ڤایرۆسەكە.

هەروەها Chrysi Rapanta, Luca Botturi, Peter Goodyear, Lourdes Guardia and Marguerite Koole لە توێژینەوەیەكی هاوبەشدا بە ناونیشانی ( Online University Teaching During and After the Covid-19 Crisis: Refocusing Teacher Presence and Learning Activity) كە باس لە رۆل و چالاكیەكانی مامۆستایان و ستافی خوێندن لە زانكۆكاندا دەكات لە گواستنەوەی وانەو زانیاریەكانی ناو كلاسەكان بە شێوازی ئۆنلاین بۆ خوێندكاران لە كاتی بڵاوبونەوە و دوای بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی كۆرۆنا. كە بەگوێرەی توێژینەوەكە شڵەژان و بارگرانی بۆ مامۆستایانی زانكۆ و ستافی خوێندن دروستكردوە بە تایبەت ئەوانەی كە شارەزایی كەمیان لە بەكارهێنانی تەكنەلۆجیا هەیە.بەڵام سەرەرای ناشارەزایی و شڵەژان و بارگرانیەكان، رۆڵ و كاریگەری مامۆستایان لە بەكار هێنانی شێوازی جیاواز بۆ گەیاندنی زانیاری و بەجێهێنانی ئەركاكانیان لە ناوەندەكانی خوێندن؛ پر بایەخە.

## بەشی دووەم : تیۆرینامەی توێژینەوەكە

### باسی یەكەم : تەنگژەی تەندروستی

تەنگژە یاخود قەیران رووداوێكی كتوپڕ و چاوەروان نەكراوە كە زیانی گەورە دە گەیەنێت بە سەرچاوە مرۆیی و داراییەكان لە سێ رەگەز پێكدێتك یەكەم كتوپرە واتە بەشێوەیەكی كتوپڕ لە كات و شوێنی چاوەروانەكراودا روودەدات. دووەم هەرەشە یە، چونكە تەنگژە دەبێتە هۆی هەرەشە بۆ سەر دەستكەوت و بەرژەوەندیەكان لە ئێستاو داهاتوودا .سێیەم بریتیە لە رەگەزی كات.كە زۆر سنوردار و دیاریكراوە بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو ( جاسم،٢٠١١، ص١٢٤) . بەم پێیەش تەنگژەی تەندروستی، بارودۆخێكی ئالۆزو گرانە لە سیستەمی تەدروستی كە رووبەروی مرووڤ دەبێتەوە لە هەرجێگەیەكی جوگرافی كە زۆر جار لە ناوچەیەك روودەدات و دواتر بەسەرجەم جیهاندا بڵاودەبێتەوە . تەنگەژەی تەندروستی كاریگەری نێگەتیف لەسەر تەندروستی كۆمەڵ دروست دەكات و دەبێتە هۆی گیان لە دەستدان. هەروەها كاردەكاتە سەر باری ئابوری و بازرگانی و سروشتی ژیانی ئاسایی(Frederick and Burkle, 2019,p٣٥). هەر

بۆیە تەنگژەی كۆرۆنا بەیەكێك لە تەنگژە ئاڵۆزو گرانەكان دادەنرێت كە روبەری مرۆڤایەتی بۆتەوە و بۆتە هۆی پەكخستنی كەرتی تەندروستی و ئابوری و بازرگانی و پەروەردەییی. بەجۆرێك لە ئێستادا جیهان دەستەوەستانە لە ئاست دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو ، بەڵكو تەنها بە بڵاوكردنەوەی رێنماییی لەلایەن دامەزراوە حكومی و تەندروستی و كاراكتەرەسەرەكیەكانی كۆمەڵگە ; هەوڵی خۆپارێزی دەدرێت.

### باسی دووەم : ڤایرۆسی كۆرۆنا

دوای بلاوبونەوەی ڤایرۆسی كۆرۆنا لە كۆماری میللی چین و پەرینەوەی بۆ دەرەوەی ئەو وڵاتە و پاشانیش تەشەنەسەندنی بە زۆربەی وڵاتانی جیهان، هەروەها نزیكبونەوەی مەترسیەكانی لە كوردستان لە رێگەی ئەو كەسانەی كە بە هۆكاری بازرگانی گەشتیان بۆ ئەو ولاتە دەكرد و دەگەرانەوە ، جگە لەوەش بە هۆی بلاوبونەوەی ڤایرۆسەكە لە ئێران، هەموو ئەمانە وایان كرد كەمەترسی بلاوبونەوەی كۆرۆنا لە كوردستاندا زۆربێت ئەویش لە لایەك بەهۆی هاوسنوری نێوان كوردستان و ئێران ، لە لایەكی تریشەوە بە هۆی جموجۆلە بازرگانییە بەردەوامەكان كە لە نێوان هەردوولادا هەیە. بۆیە حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ رێگریكردن لە بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەكە، وەكو رێكاریەكی پێشوەختەی بەرگریو بەرپەرچدانەوە ، هاوشێوەی وڵاتانی تر دەستی بە گرتنە بەری رێوشوێنی تەندروستی و دەركردنی چەندین بریار و بڵاوكردنەوەی رێنمای هەمەجۆر ،بەتایبەت ئەو رێنمایانەی كە رێكخراوی تەندروستی جیهانی (who) بلاوی دەكردەوە لەسەر ڤایرۆسەكە.

بە گوێرەی ناساندنێكی: (WHO): پەتای ڤایرۆسی كۆرۆنا ناسراو بە كۆڤید١٩ – پەتایەكی ڤایرۆسیەو بە هۆی جۆرێك لە ڤایرۆسی كۆرۆنا كە پێی دەوترێت(SARS-coV-) تووشی كۆئەندامی هەناسەی مرۆڤ دەبێت ، وەكو خانەخوێیەك بۆ زۆربون و مانەوە تیایدا.

(https://www.who.int/)

ئەم ڤایرۆسە بۆیەكەمین جار لە كۆتای سێپتەمبەری ٢٠١٩ لەشاری (ووهان) ی كۆماری چین سەریهەلدا .وەك سەرچاوە هەواڵیەكان ئاماژەیان بۆ كردوە، كۆرۆنا لە شەمشەمەكوێرەوە بۆ مرۆڤ گواستاروەتەوە . هەروەها لەبەر ئەوەی ڤایرۆسەكە توشی كۆ ئەندامی هەناسە دەبێت ، بۆیە كەسی توشبوو چەند نیشانەیەك لە كۆئەندامی هەناسەیدا دەردەكەوێت وەكو( كۆكەی ووشك،سنگ توندی،هەناسە برکێ، هەروەها بەرزبونەوەی پلەی گەرمی لەش و پاشان سەر ئێشەو گیان ئێشە. (https://www.who.int/)

شێوازی گواستنەوەی ڤایرۆسەكە لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤە ، ئەوەش لە رێگەی وردە دلۆپی تەری دەم و لوت ، یان هەناسەدان كە بە كۆكە یان پژمە یاخود هەناسەدان دەگوازرێتەوە بۆ بەرامبەر، بە شێوەیەك كە بەركەوتنی راستەوخۆ لەگەڵ كەسی توشبوو،یاخود بەكارهێنانی ئەو كەرەستەو

ئامێرانەی کە کەسی توشبوو  ووردە دلۆپی خستۆتە سەری دەگوازرێتەوە بۆ کەسی بەرامبەر.

(https://www.who.int/)) .

ئەو رێنمایانەی کەلەسەرتاسەری جیهاندا پەیرەو دەکرێن، هەمان ئەو رێنمایانەن کە لەکوردستانیش سودیان لێوەردەگیرێت و لەلایەن خەلك و دەزگاو دامەزراوە فەرمیەکانی کوردستانەوە کراون بە بنەمایی خۆپاراستن لە توشبون بە ڤایرۆسەکە کە ئەمانەن:

١- شۆردنی دەستەکان بۆ ماوەی (٢٠) چرکە بە ئاوو سابون، یاخود هەرپاککەرەوەیکی ترکە رێژەکەی زیاتر لە ٧٠% ی ئەلکهول لە پێکهاتەکەیدا هەبێت.

٢- داپۆشینی دەم و لوت بە مادەی (disposable) ،ئەو مادانەی کە بۆ یەك جار بەکاردێت وەکو کلێنس و هەر بابەتێکی هاوشێوەی کە بۆ یەك جار بەکار دێت ، یاخود ئەگەر هەر هیچ شتێك بەردەست نەبوو پژمینە ناودەستی خۆت یان قۆڵ و باسکی خۆت.

٣- خۆپاراستن و دورکەوتنەوە لەهەر کەسێکی تووش بوو،یان کەسێك کە تەندروستی باش نەبێت بە دووری(١-٣) مەتر

٤- دورکەوتنەوە لە هەموو جۆرە کۆبونەوەو گردبونەوەکی کۆمەلایەتی و گشتی  لە پێناو کەمبونەوەی ئەگەری توش بوون ڤایرۆسەکە

٥- مانەوە لە مالەوە یاخود خۆ کەرەنتینە کردنی هەرکەسێك هرکەسێك کە زانیت باری تەندروستی جێگیرنیە یاخود هەر جۆرە تیشانەیەکی ڤایرۆسەکەی تێدایە.

٦- دەست نەدان لە دەم و چاوو لوت ئەگەر بێت و پاکژ یاخود خاوێن نەکرابێتەوە . (https://www.who.int/)

## باسی سێیەم : رۆڵی مامۆستا لە کۆمەڵگادا

مامۆستا لە کۆمەڵگادا لە پاڵ ئەرکە گرنگەکەی خۆی کە فێرکرد ن و رێگانیشاندان و پەروەردە یە ,ئەرکێکی گرنگتریشی ئەکەوێتە ئەستۆ کە ئەویش هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگایە لە کاتی ئاسایی و نا ئاساییدا . هەروەها ,مامۆستا رۆڵی سەرەکی دەگێرێت لە گەشەسەندن و پسشکەوتنی کۆمەڵگە بەو پێیەی یارمەتیدەرە لە دروستکردن و ئاراستەکردنی بیروبۆچون و تێروانینی هەر نەتەوە و گەلێك لە هەر بارودۆخێکدا .کەواتە بەرپرسیاریەتی  کۆمەلایەتی هاوتەریب لە گەڵ پەروەردەیی و فێرکاری بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی مامۆستادایە.بەو پێیەش مامۆستا رۆڵی سەرکردەو رێنیشادەر دەگێرێت لە کۆمەڵگادا (Livingston, 1992,p.9)   .پێی وایە کە مامۆستا رۆڵ و کاریگەری زیاتر دەگێرێت لە سەرکردەیەك کە ئەویش نوێنەرایەتیکردنە.ئەو دەتوانێت نوێنەری داواکاری و گۆڕانکاری بێت لە کۆمەڵگادا , چونکە بەردەوام پەیوەندی و بەریەککەوتنی هەیە لەگەڵ خوێندکار و خێزان و پاشان لەورێگەیەوە رۆڵ و کاریگەریەکانی لە ناو کۆمەڵگادا وەگەڕدەخات. هەرچەندە , کارو چالاکی مامۆستا , لە رابردوودا تا رادەیەکی زۆر سنوردارو لە چوارچێوەی بەرنامەو پلانی خوێندنگا دا پەیرەو دەکرا .جێگای دلخۆشیە لە ئێستا دا,بە هۆکاری پێشکەوتنی تەکنەلۆجی؛ گۆڕانکاری گەورە لە پرۆگرامی خوێندن بەگشتی و ئاکتڤتی و ئازادی شێوازی فێرکاری مامۆستایان بە تایبەتی دەبینرێت (.). p. 55 Troen and Bolesئەم هۆکارەش وادەکات مامۆستایان بە ئاسانی دەنگیان بگاتە خوێندکارو فێرخواز چ لە ناوەندەکانی خوێندن یاخود لەدەرەوەی ئەو ناوەندە. بە هەمان شێوە رۆڵی سەرکردایەتی و نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵ ئاسانتر بەرجەستە بکەن.

## باسی چوارەم : رۆڵی مامۆستا لە هۆشیارکردنەوەی تەندروستی

مامۆستایان رۆڵێکی کارا و باڵا دەگێرن لە پێدانی هۆشیاری لە تەنگژەو قەیرانەکان بەگشتی و تەنگژەی تەندروستی بە تایبەتی. چونکە دەتوانن ببنە سەرچاوەی دڵنیایی و ئارامی بۆ  خوێندکار وخێزان و  کۆمەڵگە . لە هەمان کاتدا,رێنمایی و  هاندان و نیشاندانی رێگاو شێوازەکانی خۆپارێزی  دەبێتە ئەرکێکی تر کە لە روانگەی هەستی بەرپرسیاریەتیەوە پێویستی ئەنجامدانی ئەگرێتە ئەستۆ.

لەم سەردەمەشدا ,کە پیشکەوتنە تەکنەلۆجی و داهێنانە نوێکان بەشێوەیەکی خێراو جۆراو جۆر لەگەشەدان؛ بەڵام هێشتا نەبونەتە هۆکاری کەمکردنەوەی رۆڵ و کاریگەری مامۆستا و کاڵکردنەوەی هەوڵ و چالاکیکانیان.هەر بۆیە لە بابەتیکی وەک هۆشیارکردنەوەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە تەنگژە ی تەندروستی , لە پاش کارمەند و پرۆفیشناڵە سەرەکیەکانی تەندروستی  گرنگی خۆیان دەنوێنین لە بەکارهێنانی رێگاو شێوازی جیاواز لەپیناو بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری تەندروستی تاک و کۆمەڵ.

بەو پێیەی کە زانست و زانیاری روناکی ژیانە و کلیلی چارەسەری گرفت و نەخۆشی و نەهامەتیەکانە : تیشکی ئەو روناکیە لەرێگەی مامۆستایانەوە بڵاودەکرێتەوە  و دەبێتە هۆی روناککردنەوەو هۆشیارکردنەوەی خەڵکی لە گشت تەمەن و کەلتورێك لە هەر شوێنێکی جیهان . بەڵام جێگەی نیگەرانیە کە هێشتا لە زۆر ناوچەی جیهان خوێندن و بەدەست گەیشتنی زانست و زانیاری لە نزمترین ئاستی دایە ,بەوهۆیەشەوە رۆڵ و کاریگەری مامۆستایان لە ناو ئەو کۆمەڵگایانە زۆرسست و لاوازە .بۆنمونە نەخۆشی سکچوون (Diarrhea)بۆ چەند سەدەیەك بەردەوام بوو بە تایبەت لەناوچە دورەدەستەکانی خوێندن  و بووە هۆی مردنی ملیۆنەها منداڵ لە جیهاندا , تەنها لەبەرئەوەی کە دایکان و باوکان نەیاندەزانی نیشانەکانی خۆپارێزی چین و چۆن منداڵەکانین بپارێزن لەو

نەخۆشیە .کەواتە مامۆستایان بە هاوکاری ناوەندە تەندروستیەکان و ئەو ڕێنماییانەی لە بەردەستدان دەتوانن ببنە گەورەترین ڕێنمایدەرو ڕێنیشاندەر و هۆشیاری تەندروستی بگەیەننە خەڵك لە ناوەندەکانی خوێنندا یاخود لەڕێگای چالاکیە دەرەکی و کۆمەڵایەتیەکان لە ناو کۆمەڵگادا . (Whitman,1999,p.32).

Keloلە پێشەکی بەشێك لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (Communicating, Motivating and Teaching the Significance of Public Health)پێی وایە کە ڕێکاری هۆشیارکردنەوەی تەندروستی بە تەنها بریتی نیە لە پێدانی زانیاری , بەڵکو خستنەڕوی ئەزموون و پیشاندانی باشترین ڕێگاو چارەسەرە تاکو بتوانرێت گرنگی تەندروستی گشتی لەناو خوێندکاران و تێکڕای خەڵکی پتەوتر بکات .هەروەها , بەگوێرەی ئەوەی کە پیکهاتەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا چونیەك نین و جیاوازن لە ڕوی ڕۆشنبیری و ئاستەکانی خوێندن و تەمەن؛ کەواتە پێویستە کە ئامارو دەیتاو زانیاری ڕاست لەگەڵ وشەو دەستەواژەی دروست بەکاربێت تاکو هەولی هۆشیارکدنەوەکە بگاتە زۆرترین کەس . (Kelso,2013,p.709)

یەکێکی تر لەو ڕێگایانەی کە کاریگەری بەرچاو دەگێڕێت لە هۆشیاری تەندروستی لە لایەن مامۆستایانەوە : فێرکردنی مێژووە . بەومانایەی کە خەڵك گرنگی دەدات بە چۆنێتی دروست بون و سەرهەڵدانی نەخۆشی و پەتا دەرمەکان و زانینی تەواوی زانیاریەکان.پاشان مێژوو بەرچاوڕونی وڕێگاو چارەسەری جیاواز دەخاتە پیش چاوی خەڵك تابتوانرێت سود لە ئەزمون و ڕێکارەکانی ڕابدوو وەربگیرێت لە ڕوبەڕوبونەوەی هەر دەردو نەخۆشیەك . (Kelso,2013,p.710)

جگە لە ئەرکی فێرکاری لەناو زانکۆو پەیمانگاکاندا, مامۆستایان دەتوانن لە ڕێگەی بەشداریکردنیان لە کەمپەینی ناوەندە تەندروستیەکان ڕۆڵی گرنك بگێڕن لە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان .بۆ نمونە :بەشداریکردن لە کۆرو سیمینارو وۆرکشۆپی تایبەت بە بابەتە تەندروستیەکان لە ناوەو دەرەوەی کامپی زانکۆ و پەیمانگاکان .لەم سەردەمەشدا تەکنەلۆجی و تۆڕەکۆمەڵایەتیکان تارادەیەکی زۆر کارئاسانی بۆ مامۆستایان کردووە و دەتوانن لەو ڕێگەیەوە پەیام و ڕێنمایی و چالاکیەکانیان بگاتە زۆرترین خەڵك بەگشتی و خوێندکاران بەتایبەتی.

## بەشی سێیەم : کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکان

لەم بەشەدا و لە ڕووی کردەیەوە، سەرجەم ئەو ڕێکاریانەی بۆ کۆکردنەوەی داتای توێژینەوەکەو شیکردنەوەی ئەنجامەکان بە دەست هاتوون،دەخرێنە ڕوو.لەم چوارچێوەشدا پاشخانی پیشەی و ئەکادیمی توێژەران و سەرنجدانیان لەسەرئەم بابەتەی توێژینەوەیان لەسەری کردوە هۆکارێکی یارمەتی دەربوو لە ئاسان دەستگەیشتن بە بەرتوێژان و کۆکردنەوەی داتاکان.

### باسی یەکەم :کۆکردنەوەی داتای توێژینەوەکە

ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی و جۆرە بەکارهێنراوەکانی و چۆنێتی ئەنجامدانی لێرە دەخەینە روو، پاشان لە ڕێی شێوەو داتای کۆکراوەی بەرتوێژانەوە، شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن بۆ ئەو ئەنجامانە دەکرێن کە لە ڕێی ڕێبازەکانی توێژینەوەو بە دەست هاتون.لەو (٣٠) فۆرمە دروستەی لە فۆرمی ڕاپرسیەکەدا مانەوە، شێوەی وەڵامی پرسیارەکان ئامادە کراون و شیکردنەوە بۆ داتا بە دەست هاتوەکانی توێژینەووەکە دەکرێن .




شێوەی ژمارە (١): ناوی زانکۆکان

لە شێوەی سەرەوەدا ناوی زانکۆکان و ڕێژەی مامۆستاکانیان روون کراوەتەوە کە وەکو بەرتوێژی توێژینەوەکە پشتیان پێ بەستراوە. ئەو ڕێژەیەش بەشێوەیەکی یەکسان دیاریکراوە، واتە بۆ هەر زانکۆیەک ڕێژەی ٥٠٪ وەرگیراوە.




شێوەی ژمارە (٢): ڕێژەی کۆلیژە بەشدارەکان

لەم شێوەیەدا تایبەتە بە شوێنی کارو وانەوتنەوەی مامۆستایانی بەرتوێژ ئەویش دوو کۆلێژی جیایە: کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی، لەگەڵ کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی. هەڵبەتە بە لەبەرچاوگرتنی داتاکانی شێوەی

پێشوو، روونە لێرەشدا دیسان رێژەکە یەکسانەو بۆ هەریەکێک لە کۆلێژەکان دەکاتە رێژەی ٥٠٪.

شێوەی ژمارە: ٣
ناوی بەشەکانی زانکۆ بەشداربووەکان



شێوەی ژمارە (٣): بەشەکانی زانکۆ بەشداربووەکان

شێوەی ژمارە (٣) نیشانی دەدات کە دیسان ئەو بەشداربوانەی کە روپێویەکەیان لەگەڵ ئەنجام دراوە سەربە هەردوو بەشی تەکنیک میدیا لە کۆلێژی تەکنیکی کارگێری زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی و بەشی راگەیاندن لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی، کە بە شێوەیەکی یەکسان واتە بە رێژەی ٥٠% بە ٥٠% دابەش بوون و وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە.

شێوەی ژمارە: ٤
پسپۆری مامۆستا بەشداربوەکان



شێوەی ژمارە (٤): پسپۆری مامۆستایانی بەرتوێژ

شێوەی ژمارە (٤) کە تایبەتە بە پسپۆری مامۆستایانی بەرتوێژ، دەریدەخات کە ئەو مامۆستایانەی توێژینەوەکەیان لەسەر کراوە، خاوەنی پسپۆری جیاوازن. هەردوو پسپۆری تەکنەلۆجیای میدیا و راگەیاندن بە رێژەی ١٥% بۆ هەر یەکێکیان لە پلەی یەکەمدان، هەروەها پسپۆری میدیا و پەیوەندیە گشتییەکان بە رێژەی ١٠% بۆ هەر یەکێکیان لە پلەی دووەمدان، پسپۆریەکانی رۆژنامەی ئەلیکترونی و تەلەفزیۆنیش لە پلەی سێهەمدان بە رێژەی ٥% لەکۆی رێژەی بەرتوێژانی توێژینەوەکە.

شێوەی ژمارە (٥): نازناوی زانستی مامۆستایانی بەرتوێژ




لە شێوەی ژمارە (٥)دا دەردەکەوێت کە پلەی زانستیی زۆرینەی ئەو مامۆستایانەی بەشداریی روپێوییەکەیان کردوە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر)ن، بەو پێیەش لە پلەی یەکەمدا هاتوون بە رێژەی ٤٠٪. هەروەها بە دوای ئەوانیشدا ئەو مامۆستایانەی کە وەڵامی روپێویەکەیان داوەتەوە پلەی زانستییان مامۆستایە کە رێژەکەیان لە ٣٠%. پاشان ئەو مامۆستایانەی کە بەشداریی روپێوییەکەیان کردوە، پلەی زانستییان دکتۆرایە کە ئەمانیش بە رێژەی لە ١٠% وەڵامی روپێویەکەیان داوەتەوە هەروەها بە دوای ئەمانیش بەشێکی تر لەو مامۆستایانەی کە وەڵامی روپێویەکەیان داوەتەوە مامۆستای یاریدەدەرن کە رێژەکەیان لە ١٠%.هەروەها بەشێکی تر لە مامۆستایان کە وەڵامی روپێویەکەیان داوەتەوە ئەو مامۆستایانەن کە خاوەنی نازناوی زانستی نین و کە ئەوانیش رێژەکەیان لە ١٠%

شێوەی ژمارە (٦): رەگەزی مامۆستایانی بەرتوێژ




شێوەی ژمارە (٦): رەگەزی مامۆستا بەشداربوەکان:

شێوەی ژمارە (٦) پیشانی دەدات کە زۆرینەی بەشداربوانی روپێویەکە لە رەگەزی (نێر)ن بە رێژەی٧٥% بەشێکی تری بەشداربووان بە رێژەی ٢٥% رەگەزی (مێ)ن. ئەمەش ئەوە دەردەخات لە هەردوو رەگەز بەشدارییەکی کارایان کردوە لە توێژینەوەکەدا کە ئەوەش هۆکارێکی باشە بۆ وەرگرتنی داتاکانی روپێوییەکە.

شێوەی ژمارە (٧): ئەرکی هۆشیارکردنەوەی تەندروستی لە کاتی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید١٩دا.



شێوەی ژمارە (٧): وەڵامی بەرتوێژان سەبارەت بە ئەرکی هوشیاریی تەندروستی

لە شێوەی ژمارە (٧)دا کە تایبەتە بە وەڵامی بەرتوێژان دەربارەی ئەوەی کە ئەرکی هوشیارکردنەوەی تەندروستی لە سەروبەندی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا لە ئەستۆی کێیە؟ ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە زۆرینەی ئەو مامۆستایانەی کە بەشداری روپێویەکەیان کردوە (٥٥٪) پێیان وایە هۆشیارکردنەوەی تەندروستی کاری فەرمانگە تەندروستیەکانە. کە ئەمەش ئەوە دەردەخات لە کاتی بڵاوبونەوەی پەتا و ڤایرۆسێکی اوادا فەرمانگە تەندروستییەکان دەشێت زۆر بە باشی رۆڵی خۆیان بگێرن. لە هەمان شێوەدا کە (بەرتوێژ بۆی هەبووە زیاد لە وەڵامێک هەڵبژێرێت)، رێژەی ٥٥%ی مامۆستایان پێیان وایە کە هۆشیارکردنەوەی تەندروستی ئەرکی هەموو ئەو لایەنانەی کە دیاریکراون لە توێژینەوەکەدا.
ئەمە لەکاتێکدایە کە رێژەی لە ٤٥%ی مامۆستایان پێیان وایە هۆشیارکردنەوەی تەندروستی ئەرکی دەزگاکانی راگەیاندنە. ئەمەس ئەوە دەردەخات کە ئەرکی دەزگاکانی راگەیاندن زیاترو سەختتر دەبێت لەکاتی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسێکی لەم شێوەیەدا. هەروەها ٣٠%ی بەرتوێژەکان پێیان وایە ئەرکی هۆشیارکردنەوەی تەندروستی کاری دکتۆر و کارمەندەکانی سەربە وەزارەتی تەندروستییە. جگە لەوانەش رێژەی ٢٠%ی مامۆستایان پێیان وایە ئەرکی سەرەکیی هۆشیاری تەندروستی کاری حکومەت و دامودەزگاکانی سەر بە حکومەتە کە دەبێت لە کاتی بلاوبونەوەی ڤایرۆسدا رۆڵ بگێرن لە بەرگرتن لە بلاوبونەوەی ڤایرۆسەکە.
ئەوەی لەم شێوەیەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە کەمترین رێژەی بەرتوێژەکان پێیان وایە ئەو ئەرکە لە ئەستۆی مامۆستایانی زانکۆدایە. ئەو رێژەیە کە ١٥٪یە. نیشانی دەدات کە بەرتوێژەکان لە کەمترین باردا خۆیان بە بەرپرس و ئەرکدار دەزانن لە هوشیارکردنەوەی خەڵک بەرامبەر مەترسی و شێوازەکانی خۆپاراستن لە کۆرۆنا و هەر پەتایەکی دیکە لەنێو کۆمەڵگەدا.

شێوەی ژمارە (٨): بەشداری مامۆستایانی زانکۆ لە هۆشیارکردنەوەی تەندروستیدا.




شێوەی ژمارە (٨) ئەو وەڵامانە دەخاتەروو کە بەرتوێژان داویانەتەوە سەبارەت بەو پرسیارەی کە ئایا هەریەکێک لەوان وەکو مامۆستایەکی زانکۆ بەشداریی هۆشیارکردنەوەی تەندروستی کردوە؟
بەگوێرەی داتاکانی کە دەستی هەردوو توێژەر کەوتوون، زۆرینەی ئەو مامۆستایانەی کە بەشداری روپێویەکەیان کردوە بەشداریی لە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی تەندروستیدا کردووەبە رێژەی ٧٥% کە ئەمەش مانای ئەوەیە زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆ بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانن کە بەشداری لە هەڵمەتی تەندروستیدا بکەن لە کاتی رووبەروبونەوەی پەتا و ڤایرۆسێکی وەهادا، هەروەها بە رێژەی ٢٥% مامۆستایان بەشدارییان لە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی تەندروستیدا نەکردەوەو بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی نازانن.

شێوەی ژمارە (٩): پاڵنەرەکانی بەشداریکردن لە هۆشیاری تەندروستی.



شێوەی ژمارە (٩) کە تایبەتە بە پاڵنەرەکانی بەشداریکردنی مامۆستایانی زانکۆ لە هەڵمەتی هوشیاریی تەندروستی لە سەروبەندی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنادا –مەبەست لەو بەرتوێژانەیە کە وەڵامەکانیان بەڵێ بووە، ئەم شێوەیە دەریدەخات کە رێژەی ٨٥%ی ئەو مامۆستایانەی بەشدارییان کردوە، وەکو هەستی بەرپرسیارێتی خودی و تاکەکەسی بەشدارییان کردووە. ئەمەش مانای وایە لە کاتی

روبەڕووبونەوەی مەترسی و پەتاو نەخۆشیدا مامۆستایان وەکو ئەرکی سەرشانیان بەشداری هۆشیارکردنەوە دەکەن. لێرەدا سەرنج دەدەین کە جیاواز لە وەڵامی بەرتوێژان بۆ شێوەی ژمارە (٨) کە لەویاندا کەمترین بەرتوێژ بەئەرکی خۆیانی دەزانن بەشداربن لە هەڵمەتی هوشیاریدا، بەڵام لەم شێوەیەدا وەکو کاری تاکەکەسی و پاڵنەرێکی خودی تەماشای ئەو ئەرکە دەکەن.

هەر لەم شێوەیەدا کە بەرتوێژ بۆی هەیە زیاتر لە بژاردەیەک دەستنیشان بکات، ڕێژەی ٤٠٪ی مامۆستایان لەو باوەڕەدان کە وەکو بەشێك لە ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان وەک مامۆستا لە ناوەندەکانی فێرکردندا بەشداری لە هۆشیارکردنەوەی تەندروستی دەکەن.

هەروەها بەشێکی تر لەو مامۆستایانەی کە بەشداری ڕوپێویەکەیان کردوە بە ڕێژەی لە ٢٥% وەکو ئەرکێك لە چوارچێوەی گروپە خۆبەخشەکاندا بەشدارییان کردوە بۆ هەڵمەتی تەندروستی.

ئەوەی دەمێنێتەوە، ڕێژەی ١٠٪ی بەرتوێژان دانیان بەوەدا ناوە کە لەژێر کاریگەری هەڵوێست و بەشداری دەوروبەرەکەیانەوە بەشدارییان کردووە.

شێوەی ژمارە (١٠): ماوە کات-ی تەرخانکراو بۆ هەڵمەتی هۆشیاری تەندروستی لەلایەن بەرتوێژانەوە.




شێوەی ژمارە (١٠) کۆی ئەو داتایانە لەخۆدەگرێت کە پەیوەستن بە ماوەو کاتی خۆتەرخانکردنی مامۆستایانی زانکۆ (بەرتوێژان) بۆ بەشداریکردن لە هەڵمەتەکانی هوشیاری تەندروستیی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا.

شێوەکەی سەرەوە دەریدەخات کە بە پلەی یەکەم ئەو

شێوەی ژمارە (١٢): چۆنیەتی ئەنجامدانی چالاکیەکانی هۆشیارکردنەوەکە لەلایەن بەرتوێژانەوە




مامۆستایانەی وەڵامی پرسیارەکانی ڕوپێویەکەیان داوەتەوە بە ڕێژەی ٧٥% ماوەی (١-٣) کاژێر کاتیان بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە تەرخان کردووە. هەروەها بە شێکی تر لەو مامۆستایانەی کە

شێوەی ژمارە (١١): شێوازی بەکارهاتوو لە هۆشیار کردنەوەکاندا.




بەشداری ڕوپێویەکەیان کردوە کە ڕێژەکەیان ١٥%یە ماوەی (١١) کاژێر و زیاتریان لە کاتی خۆیان بەخشیوە بۆ بەجێهێنانی ئەرکی هۆشیارکردنەوەی تەندروستی.

بژاردەیەکی تر کە (٧-١٠) کاتژمێرە، ئەو ماوەیەیە کە کەمترین ڕێژەی بەرتوێژان تەرخانیان کردووە بۆ بەشداریکردن لە هەڵمەتەکانی هوشیاری تەندروستی، ئەو ڕێژەیەش وەک لە شێوەکەدا دیارە دەکاتە ١٥٪.

یەکێک لەو پرسیارانەی کە توێژینەوەکە هەوڵیداوە وەڵامی پێویستی لەبارەوە بەدەست بکەوێت، ئەوەیە کە بگات بە ئەنجامی دروست دەربارەی ئەو شێوازانەی کە بەرتوێژان وەکو ئامرازێک سوودیان لێ وەرگرتووە بۆ بەشداریکردن لە هەڵمەتەکانی هوشیاری تەندروستیدا. شێوەی ژمارە (١١) لەسەر بنەمای وەڵامی بەرتوێژان،

ڕێژەی بژاردەکانی بەردەم ئەو پرسیارەی ڕوون کردووەتەوە کە لە پلەی یەکەمدا مامۆستایانی زانکۆ پشتیان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەستووەو ڕێژەکەش گەیشتووەتە ٤٠٪ی کۆی بەشداربووان.

ئەو وەڵامە سەرەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە مامۆستایانی زانکۆش هاوشێوەی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردەواری بەکارهێنەری کارای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ زۆر کارو ئەرکی ڕۆژانەیان.

هەروەها شێوەکە دەریدەخات کە بەرتوێژەکان بە پلەی دووەم سایتەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن بە ڕێژەی لە ٣٠%. بەدوای ئەمەشدا هەردوو بژاردەی (گروپە گشتیەکانی هۆشیاری تەندروستی تایبەت بەم بارودۆخە)و (گروپ و لیژنەکانی زانکۆ) پێکەوە پلەی سێهەمیان گرتووە بە ڕێژەی ١٥%ی کۆی وەڵامی بەرتوێژان. ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سەرباری هەبوونی گرووپ و پەیجی تایبەت بە بەش و کۆلێژو لیژنەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، کەچی مامۆستایانی زانکۆ کەمتر پابەندبوون بە بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لەو مینبەرانەی کە مۆرکێکی تاڕادەیەک فەرمییان هەیە.

بەهۆی فرەیی شێوازەکانی گەیاندنی پەیامەکانەوە، چۆنیەتی بەشداریکردنی بەرتوێژان لە چالاکییەکانی پەیوەست بە هوشیاری تەندروستی-ش یەکێکە لەو پرسیارانەی کە ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە زانیاری پێویستی لەبارەوە دەست بکەوێت.

شێوەی ژمارە (١٢) ئاشکرای دەکات کە مامۆستایانی زانکۆ بە پلەی یەکەم لەڕێی نووسین لە ڕۆژنامەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیامەکانی خۆیان گەیاندووە، ئەو ڕێژەیەش گەیشتووەتە ٦٠٪ی کۆی بەرتوێژان. ئەمەش ئەو ڕاستیە دوپات دەکاتەوە کە مامۆستایان چالاکی و هۆشیاری تایبەت و تاکە کەسی پێ باشترە وەك لەوەی لە گروپات و لیژنەدا کار بکەن.

ئەمە لەکاتێکدایە کە مامۆستایانی زانکۆ بە پلەی دووەم بە دەنگ و ڤیدیۆ لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە چالاکیی هۆشیاری دەکەن و ڕێژەی ئەمانەش گەیشتووەتە ٣٠%.

هەروەها هەموو ئەو بژاردانەی کە توێژەر خستویەتیە ڕوو بە پلەی سێهەم دێت کە ڕێژەکەی ١٠% یە.

لێرەدا ئاشکرادەبێت کە هیچکام لە بەرتوێژەکان بە شێوەی مەیدانی بەشدارییان نەکردووە لە چالاکییەکانی هوشیاریی تەندروستیدا.

شێوەی ژمارە(١٣) ڕوونی دەکاتەوە کە لە ڕێگەی چی جۆرێك لە چالاکیەوە مامۆستایان هۆشیاریەکانی بلاودەکاتەوە و بە جۆرێکە کە لە پلەی یەکەمدا ئەوەیە کە بەشداری هیچ جۆرێك لە چالاکی مەیدانیم نەکردوە ڕێژەکەی ٧٠% کە ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە مامۆستایەنی زانکۆ بەشداری هۆشیاری مەیدانیان نەکردووە چالاکی تاکە کەسیان پێ باشترە، هەروەها لە پلەی دووەمدا هەردوو چالاکی ئەنجامدانی سیمینار ۆرك شۆپ و بلاوکردنەوەی پۆستەرو ڕێنمایەکانی تایبەت بە شەکانی مامۆستایان دێت بە ڕێژەی١٥% بۆ هەریەکێکیان، هەروەها لە پلەی سێهەمدا کارکردن لەگەڵ گروپ و لیژنەکان دێت بە ڕێژەی10%

شێوەی ژمارە (١٤) زانیاریمان دەداتێ دەربارەی ئەو توێژو لایەنانەی کە لەلایەن بەرتوێژانەوە هەڵمەتی هوشیاریی تەندروستییان ئاراستە کراوە. بەپێی شێوەکە زۆرینەی ڕەهای بەرتوێژان پەیامەکانی هوشیارییان ئاراستەی سەرجەم چین و توێژەکان کردووە، ئەوەش بە پلەی یەکەم هاتووە بە ڕێژەی ٩٠%.

هەروەها بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٣٠% مامۆستایانی زانکۆ پەیامەکانی هوشیارییان ئاراستەی خوێندکارەکانیان کردوە. بەدوای ئەوانیشدا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکاران هاتووە کە پەیامەکانیان ئاراستە کراوەو ڕێژەکەش گەیشتووەتە ٢٥%.

دواهەمین بژاردە لای بەرتوێژان کە دەستنیشانیان کردووەو پەیامەکانی هوشیاریی تەندروستییان ئاراستە کردوون، توێژی مامۆستایانە کە تەنها ڕێژەی ٢٠٪ی بەرتوێژان پەیامەکان خۆیان ئاراستە کردوون.

شێوەی ژمارە (١٥): ڕادەی پاراستنی هاوسەنگی لەنێوان هۆشیارکردنەوە و ترساندندا



لەساتی بڵاوبوونەوەی هەر نەخۆشی و پەتایەکدا، جۆرێک لە ترس و شڵەژان لەنێو خەڵکدا سەرهەڵدەدات، ڕەنگە یەکێک لە بنەماکانی هەڵمەتی هوشیارکردنەوە ئەوە بێت کە سەرباری زانیاری گرنگ

شێوەی ژمارە (١٣): چۆنیەتی ئەنجامدانی چالاکیەکانی هۆشیارکردنەوەکە لەلایەن بەرتوێژانەوە



شێوەی ژمارە (١٤): ئەوانەی کە هوشیارکراونەتەوە



پەیوەست بە خۆپارێزی و چارەسەر، ئەو ترسەش لە هەناوی خەڵکدا بڕەوێنرێتەوە. لەسەر ئەو بنەمایەش، ئەم توێژینەوەیە مەبەستی بوو بەو دەرەنجامە بگات کە ئایا بەرتوێژەکان لە سەروبەندی ڕاپەڕاندنی ئەرکی هوشیاریی تەندروستیدا تا چەند توانیویانە هاوسەنگی ڕابگرن لەنێوان هوشیارکردنەوەی دروست و ترساندنی خەڵکیدا؟

شێوەی ژمارە (١٥) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە زۆرینەی بەرتوێژەکان لەوە دڵنیان کە توانیوانە ئەو باڵانسە ڕابگرن، ڕێژەی ئەمانە گەیشتووەتە ٥٥٪ی کۆی وەڵامی بەشداران.

پاشان ڕێژەی ٢٥%ی بەرتوێژان پێیان وایە کە هیچ ترساندنێکیان بڵاونەکردۆتەوە.

شێوەکەی سەرەوە پێمان دەڵێت کە ڕێژەی ١٥%ی بەرتوێژان لەنێوان دڵنیایی ڕەهاو نادڵنیاییدا ماونەتەوەو پێیان وایە کە (تا ڕادەیەک) تونیویانە ئەو هاوسەنگییە بپارێزن.

شێوەی ژمارە (١٦): دیاریکردنی شێوازی کاریگەری هۆشیاری بەرامبەر بە هاوڵاتیان



شێوەی ژمارە (١٦) ئەو ڕێکارانە دەخاتەڕوو کە بەرتوێژان بەکاریان هێناوە بۆ دروستکردنی کاریگەری و گەیاندنی پەیامەکانی هوشیاریی تەندروستی لای خەڵک.

لێرەدا ڕوون کراوەتەوە کە زۆرترینیان بە ڕێژەی ٧٠٪ی کۆی بەرتوێژان پەنایان بردووەتە بەر ڕوونکردنەوەی ڕادەی مەترسی خودی ڤایرۆسەکە لەسەر تەندروستی تاکەکەس و کۆمەڵگە.

ئەوانەشی پەنایان بردووەتە بەر ڕونکردنەوەی کاریگەری دەرەنجامی توشبوون بە ڤایرۆسەکە پلەی دووەمی گرتووە بە ڕێژەی ٥٠٪. هەروەها بە پلەی سێهەم و بە ڕێژەی ٣٥% پیشاندانی نمونەی ئەو کەس و وڵاتانە دێن کە توشی ڤایرۆسەکە بوون بۆ ئەوەی کە لەو ڕێگەیەوە خۆیان بپارێزن.

دواهەمین و ڕێژەو بژاردەش لە شێوەی ژمارە (١٦)دا ئەوەیە کە بەرتوێژان پەنایان بردووەتە بەر ڕونکردنەوەی ئەوەی کە سزای یاسای چۆنە بۆ ئەو کەسانەی کە پابەندی ڕێنمایەکە نابن، ڕێژەکەش گەیشتووەتە تەنها ٥٠٪.

کارەکانی هۆشیارکرنەوەی مامۆستایان هەڵسەنگێنە لە ڕێگەی ئەم پێوەرانەوە:

شێوەی ژمارە (١٧): هەڵسەنگاندنی کارەکانی هۆشیارکرنەوەی مامۆستایان



شێوەی ژمارە (١٧) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دیاریکردنی هۆشیارکردنەوەی مامۆستایان سەبارەت بە پەتایی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە جۆرێکە کە بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی ٤٥% ژمارە (٣) هەڵبژێراوە کە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە نە بە شێوەیەکی پەرش و بڵاو خراپە وە نە بە شێوەیەکی زۆر باش و ڕێکخراوە، هەروەها بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی ٢٠% هەردوو ژمارە (١) و (٢) دێت کە ئمەش ئەوە دەردەخات کاە هۆشیارکردنەوەکانی مامۆستایان سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا زۆر باش نیەو خراپە و هیچ ڕێکخراویەکی پێوە دیار نیە. هەروەها بە پلەی سێهەم و بەرێژەی ١٠% ژمارە(٤) هەڵبژێراوە کە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو بەشەی مامۆستایان پێیان وایە کە کارەکانی هۆسیارکردنەوەی مامۆستایان تا ڕادەیەک باش بە دیهاتون، هەروەهتا بە چوارەم و بە ڕێژەی ٥% ژمارە (٥) هەڵبژێراوە کە ئەمان پێیان وایە کارەکانی هۆشیارکردنەوەی مامۆستایان زۆر باش و ڕێکخراو بوە.

شێوەی ژمارە (١٨): ئاستی بەدیهاتنی ئامانجەکانی هۆشیارکردنەوە لای مامۆستایان



شێوەی ژمارە (١٨) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە تا چ ئاستێک بەرتوێژان لە گەیاندنی پەیامی هوشیاریی تەندروستیی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ئامانجەکانیان پێکاوە؟

زانیارییە بەدەستهاتوەکانی ناو ئەم شێوەیەش بە جۆرێکە بە پلەی یەکەم ژمارە (٣) هەڵبژێراوە، واتە ڕێژەی ٣٥%. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئامانجەکانی هۆشیارکردنەوەی مامۆستایان بە باشی بە دینەهاتوە، واتە نە بە شێوەیەکی باش بەدیهاتووەو نە بەشێوەیەکی

تەواوەتی بە دینەهاتوە. بە واتایەکی تر، ئەو وەڵامە لەنێوان هەردوو بژاردەی ئاماژەبۆکراوی سەرەوەدایە.

لە پلەی دووهەمیشدا ژمارە (٢) هاتووە بە ڕێژەی ٣٠% کە ئەمەش مانای وایە ئامانجەکانی هۆشیاری بە شێوەیەکی زۆر باش بە دینەهاتوە ، هەروەها بە پلەی سێهەم ژمارە(١) هاتوە بە ڕێژەی ٢٠% پێیان وایە کە ئامانجەکانی هۆشیاری مامۆستیان بە هیچ شێوەیك بەدی نەهاتوە. هەروەها بە پلەی چوارەم ژمارە (٤) هاتووە کە ڕێژەکەی گەیشتووەتە ١٠%، کە ئەم بەشەی مامۆستایان پێیان وایە ئامانجەکان تا رادەیەك بە دیهاتون، هەروەها بە پلەی پێنجەم ژمارە (٥) هاتوەو بە ڕێژەی ٥% کە ئەم بەشەی مامۆستایان پێیان وایە کە ئامانجەکانی مامۆستایان سەبارەت بە هۆشیارکردنەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا بە تەواوەتی بەدی هاتوە.

## باسی دووەم : دەرئەنجامی توێژینەوە

توێژەران لەم توێژینەوەیدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتون کە گرنگترینیان لە خوارەوە خراونەتە ڕوو:

١- هەردوو بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی و بەشی تەکنیکی میدیا لە کۆلێژی تەکنیکی کارگێری زانکۆی پۆلی تەکنیکی سلێمانی هەردوو بەش لە پارێزگای سلێمانین و خوێندکاریان هەیەو مامۆستاکیانیان لە کاتی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنادا ڕێنمایەکانی وەزارەتی تەندروستیان بڵاودەکردەوە بۆ ئەوەی خوێندکارانیان پابەند بن پێوەی.

٢- مامۆستایانی زانکۆ لە کاتی کێشەو قەیرانەکاندا دەتوانن ڕوڵێکی باش ببین بۆ ئەوەی خوێندکارەکانین و ئەوانەی کە بە قسەی دەکەن پابەندی ڕێنمایەکان بن و جێبەجێی بکەن.

٣- مامۆستایانی زانکۆ پێیان وایە کە ئەرکی هۆشیارکردنەوەی تەندروستی لە کاتی قەیران و پەتایی وەکو ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئەستۆی وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگە تەندروستیەکانە بۆ دەرکردنی ڕێنمایی و هۆشیارکردنەوە تەندروستیەکان، چونکە ڕاستەوخۆ کاری وەزارەتی تەندروستیی و کارمەندەکانیەتی بە پلەی یەکەم و وە دوای ئەوانیش دەزگاکانی ڕاگەیاندن و مامۆستایانی زانکۆ.

٤- لە کاتی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا مامۆستایانی زانکۆ هەوڵی هۆسیارکردنەوەی جەماوەریان داوە بە (بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی و هۆشیارکردنەوەیان لە ئاستی خۆپارێزی و بەشداری کردن لە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لە ڕێگەی پەیجی و هەژماری تایبەتی خۆیان لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان.

٥- هەروەها لە کاتی بڵاو کردنەوەی هۆشیاریە تەندروستیەکان مامۆستایانی زانکۆ توانیویانە باڵانسێکی باش ڕابگرن لە نێوان ترساندن لە ڤایرۆسەکە لەگەڵ هۆشیارکردنەوە سەبارەت بە ڤایرۆسەکە.

## باسی سێیەم : پێشنیاری توێژینەوە

لە ئاکامی نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا ئەم ڕاسپاردەیە لای توێژەرارن گەڵاڵە بوو دەیخەینە ڕوو بۆ لێکۆڵەرەوانی دواتر تاوەکو توێژینەوەی زانستی لەسەر بکەن

کاریگەری چالاکیەکانی مامۆستایانی زانکۆ لە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا. گرنگە بزانرێت تاچەند کارو چالاکیەکانیان کاریگەری لەسەر ڕەفتاری هاوڵاتیان دروست کردووە .

## سەرچاوەکان

سەرچاوەی کوردی:

١-هێرش رسول موراد،یادگار علی محمد لەگەڵ دەشتی علی رشید(٢٠٢٠). ڕۆڵی فەیسبوك لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان. توێژینەوەیەکی مەیدانیە:گۆڤاری زانکۆی گەرمیان،٧ (١)، ٧٥-٩٦ .

سەرچاوەی عەرەبی:

١- انتضار احمد جاسم (٢٠١١) دراسە تحليلية لواقع ادارة الازمات في وزارتي الصحة والداخلية في العراق دراسة مقارنة.مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة،٢٧، ١٤١-١٧٦ .

سەرچاوەی ئینگلیزی:

Burkle F.M . ( 2019).Challenges of Global Public Health Emergencies: Development of a Health-Crisis Management Framework : The Journal of Experimental Medicine , 249 (1), 33-41 .

Kelso ,C.M.(2013) .Communicating, Motivating and Teaching the Significance of Public Health. Edited by: Alfonso J. Rodriguez-Morales .

Livingston, C. (1992).Teachers as Leaders: Evolving roles.Washington, DC: National Education Association.

Rapanta, C., Botturi, L., Goodyear, P. et al. Online University Teaching During and After the Covid-19 Crisis: Refocusing Teacher Presence and Learning Activity. Postdigit Sci Educ

Troen, V. and Boles, K. (1992, April). Leadership from the classroom: Women teachers as a key to school reform. Paper presented at the annual meeting of the American Education Research Association, San Francisco, CA.

Whitman, C,V. (1999).Health and Human Development Programs at Education Development Center. Improving Health Through Schools: National and International Strategies. Health Initiative Department of Health Promotion World Health Organization, Geneva.

**سایته ئەلکترۆنیەکان:**

https://www.igi-global.com
https://www.ruralhealthinfo.org/toolkits/health-promotion/2/strategies/health-education.
World Health Organization . https://www.who.int

https://dictionary.cambridge.org